# بەشوێن پێکانی دۆستۆیۆفسکیدا

## نووسین و گێڕانەوەی ئوڤە ڤیکسترۆم

## وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ئاراس وەلی

**سەفەرێک بۆ سانپیتەربۆرگ لەگەڵ (ئوڤە ڤیکستروم)دا**

فیۆدۆر دۆستۆیۆفسکی نووسەرو مرۆڤناس و کورەشاری، کەلەنێوان ئیمان و گوماندا داخانبوو بوو... کتێب و نووسینەکانی زۆرتر باس لە تاوان و جوانی و دزێوی و سزا دەکەن.

سایکۆلۆژ و تیۆدۆلۆژی سویدی ئوڤە ڤیکسترۆم، دۆستۆیۆفسکی بە شەشەمین ئیڤانیلیستی ناو دنیای مەسیحییەت دادەنێت، لە دوای ساباستیان باخ کە بە پێنجەمین ئیڤانیلیست ناوزەدی کردووە.

بە بۆچونی دۆستۆیۆفسکی مرۆ ناتوانێ وەسفی تەواوی خودی خۆی بۆ باوەڕو ئیمانێک بکات، بەڵکو مرۆ تەنها لەرێگای هاوخەمی و خۆلەبیرچونەوەوە، دەتوانێ هەست بەو ئیمانە بکات.

لە دووتۆی دوعایەکی جوانی سەر شێتانەدا، ئوڤە ڤیکسترۆم گەشتێکمان پێدەکات بە جێپکانی دۆستۆیۆفسکیدا.

**بەخێربێن بۆ سانپیتەربۆرگ...**

ئەوانە ئەو وشانە بوون بە زمانی ڕوسی لە زمان کچە ڕوسە چاوساغەکەوە، کەبەخێرهاتنی دەکردین.

ئێستاش لە شەقامی دۆستۆیۆفسکی وەستاوین، بەرانبەر بە مۆزەخانەی دۆستۆیۆفسکی لە شاری سانپیتەربۆرگ.

ئالێرەدا، لەم ئاپارتمانە، لەم باڵەخانەی دووەمە، دۆستۆیۆفسکی دوارۆژەکانی ژیانی بەسەربردووە.

هەر لەم باڵەخانەیەدا بوو کە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆڤ)ی نزیک بە ٩٠٠ لاپەڕەیی نووسیوە. هەر لەم ماڵەشدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد و، هەر لەسەر ئەو چەرپایەی کە هەنوکە ئێمە لەم مۆزەخانەیەدا دەیبینین، دواهەناسەکانی لەژیاندا هەڵمژی و بەر لە ١٢٣ ساڵ لەمەوبەر ماڵئاوای لەژیان کرد. ئەم ماڵەی کە ئێستا کراوەتە مۆزەخانە و ئێمەش وەکو تۆریستێک هاتووین تا چەند دوعایەک بۆ ڕۆحیانەتی ئەم زاتە مەزنە بە قەولی ئوڤەڤیکستروم بخوێنین.

ئوڤە ڤیکسترۆم بێئەندازە سەرسامی دۆستۆیۆفسکییە... ئەو دیدێکی دۆستۆیۆفسکیمان بۆباسدەکات، دروست لە گۆشەنیگای مرۆڤ و خۆبەقەردارزانینی لەلایەک، و مرۆڤ وبەغالەت و تۆڵە و سزا، لەلایەکی ترەوەو، پاشان خاڵی یەکانگیربونەوەی هەموو ئەمانە لەگەڵ پرسیاری خوداوەند و وجودی ئەودەسەڵاتەو شکاندنی سنوورەکانی ئەو دەسەڵاتە، لە زوربەی کتێبەکانی دۆستۆیۆفسکیدا.

لە ڕاستیدا ئوڤە ڤیکسترۆم، دۆستۆیۆفسکی بە شەشەمین ئیڤانیلیست «شەشەمین پەیامی دڵخۆشی و محیبەت» ناودەبات (دیارە مەبەستی ئوڤە ڤیکستروم ئەوەیە کە لەدوای «مەتیۆس Matteus»، «مارکۆس Markus»، «لوکاس lukas»، «یوهانس Johannes» وەکو چوار ئیڤانیلیستی تێستەمێنتی ئینجیلی نوێ، باخ لەدنیای مۆسیقادا و دۆستۆیۆفسکیش لە دونیای نووسین و ڕۆماندا هەمان پەیامی جوانی وموحیبەت و دڵخۆشی بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن... و ێ)... دیارە ئەوە ئاشکرایە کە وەکو پێشتریش باسمانکرد «سەباستیان باخ» بەپێنجەمین ئیڤانیلیست ناو زەددەکات. بەهەرحاڵ... ئەمرۆ ئێمە بە دواشوێنپێکانی دۆستۆیۆفسکیدا، لەم سانپیتەربۆرگەدا دەرۆین و چاوساغەکەشمان سایکۆلۆژی دینی سوئێدی ئوڤە ڤیکسترۆمە.

هەنووکە... ئێمە لە شەقامی دۆستۆیۆفسکی وێستاوین. شەقامی دۆستۆیۆفسکی لە زوربەی شارەکانی ڕوسیادا بوونی هەیە، کە بە مانای سیمبۆل و ڕێزلێنانێکە لە مەزنی ئەو زاتە. هەمانکات ژینگەی ئەم شەقامە، نمونەی وێرانەیی و پوکاوەی شەقامێکی کۆنی تەقلیدی ڕوسیامان نیشاندەدات! شەقامێکی قیرتاوی پڕ لە تاسە و چاڵوچۆڵی، بۆگەنی ناخۆشی زێراب و پاشەڕۆ و وێرانەییش لەولاوە بوەستێت...!!

زۆر لەو ئۆتۆمۆبیل و لۆرییە ژەنگاوی و نیمچە سکرابانەی بەم شەقامەدا گوزەردەکەن، بۆنێکی بۆسارد و کەسکونی ناخۆشی بەنزین و دوکەڵی ئەکزۆزەکانیان بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم شارەدا بلاودەکەنەوە... بۆ هەر جێگایەک دەڕۆیت، بۆگەنی ئەکزۆزی ماشێنی کۆن وسکراب لووتی پیاو دەچوزێنێتەوە... لە لێواری شۆستەی بەردەمی مۆزەخانەکەی

دۆستۆیۆفسکیدا، کەئەویش هەروا لەم شەقامەدا... چەندین دەسگێرو خەڵکانی بێدەرامەت لەم ناوەدا دێن و دەچن، وردەواڵەفرۆشی هەمەجۆرە دانیشتون و شتگەلی جۆراوجۆر دەفرۆشن. ژنان بەچارۆکەکانی کۆڵیانەوە، تابلۆی بچوک بچوک، میوەجاتی هەمەجۆرە، و هەندێکیشان قارچک و جۆرێک لە بەلاڵوک دەفرۆشن.

گوێمان لە دەنگی تەقەتەقی گالیسکەیەکی تریشقەیە، کە لێرەوە تێدەپەرێت... ئەوە گۆشت و میوەجات دەگوازێتەوە بۆ مەیدانی سەوزەفرۆشەکان.

لەمەبەدوا نزیکەی سەعاتە رێیەک... بەدوی شوێنپێکانی دۆستۆیۆفسکیدا گەشتێکی بچکۆلانە دەکەین، دەگەڕێین، لەگەڵ رۆحیانەتی ئەو زاتە مەزنەدا دوعایەکی سەعاتە وەختە دەخوێنین. ئەویش بەچاوساغی ئوڤە ڤیکسترۆم کە ئاشنامانەکات بەهەندێک دیوی شاراوەی دۆستۆیۆفسکی.

هەنوکە والەبەردەم ئەکادیمیای ئەندازیارانی زانستی وێستاوین. یاخود چاترە بلێین ئەکادیمیایەک بۆ تەکنیسیۆنەکان، کە خودی دۆستۆیۆفسکی ئەو دەم و زەمانە یەکێک بوو لە شاگردانی ئەم زانستگەیە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٣٨–١٨٤٣.

ئەو رشتەی ئەندازیاری دەخوێند. دیارە لە باری گوزەران ودەرامەتی ژیانەوە زۆر سەرکەوتو نەبوو لەو سەردەمی خوێندنەیدا، چونکە باوکی لەمۆسکۆ دەژیا و بۆخۆشی دەرامەتێکی وەهای نەبوو تا لە سانپیتەربۆرگ ژیانێکی ئاسایی بگوزەرێنێ. لەبەرئەوە دەتوانین ئەو سەردەمی خوێندنی ئەندازیارییەی، بەسەردەمێکی نەداری و بێنەوایی سەیر بکەین...!

دۆستۆیۆفسکی زیاتر بەشەوان خەریکی نووسین دەبوو. هەمیشە سوچێکی هەڵدەبژارد و سەرقاڵی نووسینەکانی دەبوو. سوچ و قوژبنی ماڵان، دەورو جێگایەکی زۆرو پرمانایان هەیە لە ژیانی نووسینی دۆستۆیۆفسکی دا. لەم بارەیەوە پێویستمان بەخوێندنەوەو سەرنجی قووڵ هەیە، کە دواتر دەگەڕێینەوە بۆ باسکردن لە سەرجەم مێژووی ژیانی دۆستۆیۆفسکی

زوربەی کات کە باس لەدۆستۆیۆفسکی دەکرێت، کەسانێکی زۆر لە ئێمە، شێوەیەک لە هەست بەگوناهکردن یان ئازاری ویژدانیمان لاپەیدادەبێت...! دیارە ئەوەش لەبەر بێحەوسەڵەییمان بووە، کە نەمانتوانیوە سەرجەم کارەکانی ئەم زاتە بخوێنینەوە.

ئەم کەڵە نووسەرە بەدرەختێکی چروپڕ دەچێت، لەبری گەڵا و چرۆ و لق و سەرلقەکانی، ووشەگەلی پرمانا و بێسنوور، دەستەواژەی دەوڵەمەند، لافاوی ووشەو رستەی هەمەرەنگی پرمانای زێدە جوان ومەزن، لاپەرەی کتێب و رۆمانەکانی پڕدەکەن.

لە کتێبخانەکانی زۆربەی ماڵەکانی ئێمەدا لەم ولاتی سوئێدە، زۆر لە رۆمانەکانی ئەم زاتەمان لە بەرگی قەشەنگ ورازاوەدا، لەسەر رەفەی کتێبخانەکانمان داناوە... بەلام چەندمان لێخوێندونەتەوە...!

ڕەنگە دروست تا لاپەرەکانی ٩٢ یان ١٠٦ مان خوێندبێتەوە و دواتر تەسلیمی جۆرێک لە تەمەڵی بووین... بۆیە بەرانبەر دۆستۆیۆفسکی ونووسینەکانی باس لە هەستی قەرزاری وئازاری ویژدانی دەکەم.

بەلام لە تێکستەکانی ئەم کەڵەنووسەرەدا، جۆرە دیمەنێک بوونی هەیە، کە کەسانێک لەئێمە هەرگیز ناتوانین لێیدەربازبین...! هەرئەوەندەی جارێک لەجاران بەخوێندنەوەی یەکێک لەو تێکست و دیمەنانە سەرسام بووین، ئیدی بەئەندازەیەک داخمان دەکەن، کە ناتوانین بەدرێژایی ژیانمان لە قەپیلکی ماناو سیحرو جوانییەکانی، لەکۆت و بەندی گرێکوێرەکانی خۆمان ڕزگارکەین.

یەک لەو باس و دیمەن و تێکستانە، دەربارەی خوداوەندە. وجودی خودا... تاسەی خودایی، یاخود دزێوی ونەفرەتە شەیتانییەکان، یان گومان وچەشتنی ئازار بەدەست گومانەوە...! لەمە بەدوا هەوڵدەدەین لەو بارانەوە قسان بکەین،

لە دووتوێی تێکست و ڕۆمانەکانی دۆستۆیۆفسکیدا، دەبینە ئاشناو ناسیاوی کۆمەڵێ کاراکتەرو پاڵەوان وناوی جۆراوجۆر، کەلەدواجاردا چاترو پتر لە هاورێ و دۆستەنزیکەکانمان، لە خوشک وبراکانمان، لە خاڵۆزا و پورزا و ئامۆزاکانمان، ناسیاوی و ئاشنایەتیمان لەگەڵدا پەیدادەکەن.

گەلۆ لە ڕاستیدا مرۆڤ دۆستۆیۆفسکی و تێکستەکانی ناخوێنێتەوە، بەڵکو لەگەڵیاندا کۆدەبێتەوە. ئێمە لە دواجاردا کچەسۆزانی بەناوی «سۆنیا» هێند لە نزیکەوە دەناسین، و ئاشنایەتی ودۆستایەتییەکی وەهای لەگەڵدا پەیدادەکەین، کەکاڵبونەوەی بۆنییە...!

ئێمە سەرسام و ورو کاس دەبین، و ترس دامان دەگرێ لەبەردەم قەتلێکی ڕاسکۆلنیکۆڤ دەیکات لە هەمان ڕۆمانی «تاوان وسزا»دا.

مرۆڤ بۆیەکەم جار لەوە تێدەگات کە«موشکین» چۆن بیردەکاتەوە،لەرۆمانی « گێل ـ idiot » دا. دەبینە هاوخەمی «ئیڤان کارامازۆڤ» ئیڤانێکی کە هەرگیز نەیدەتوانی بۆ چرکەساتێکیش مەسەلەی بوونی خوا لەبیروزیهنی خۆیدا فەرامۆش بکات. خودا هەیە...یان... نا...!؟

ڕەنگە چاترە وابلێین کە ئەوە ئێمە نین دۆستۆیۆفسکی دەخوێنینەوە. بەڵکو ئەوە دۆستۆیۆفسکیە ئێمە دەخوێنێتەوە. ئەو شتگەلێک لە دیوی شاراوەی ناخی تاریکی ئێمەوە دەدۆزێتەوە و نیشانماندەدات.

فیۆدۆر میخایلۆفیچ دۆستۆیۆفسکی (Mikail Fjodor dostojevskij) ئێمە دواتر گەشتێک بەناو ژیانی ئەم زاتە مەزنەدا دەکەین.

«فیوٚدوٚر ـ Fjodor» لەزمانی ڕوسی دا لەبری تیوٚدوٚرە کەبەمانای خەلاٚتی خوداوەند دێت. «میخایل ـ Mikael»یش دەگەڕێتەوە بوٚ می... کا... ئیل... Mi ..ka..el کە لە زمانی عیبریدا بەمانای خوداوەند کێیە؟ دێت واتە بەشێوەیەک لە شێوەکان چەندین کوٚدی ڕوٚحانی چنراوەتە دوتوێی ناوی دوٚستوٚیوٚفسکییەوە... ئەمەش ئوڤە ڤیکستروٚم ـ Owa Wikströmدەخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دوٚستوٚیوٚفسکی بە شەشهەمین ئیڤانیلیست ـ شەشهەمین پەیامی محیبەت و دلخوٚشی دابنێت، دیارە لەدوای ئەوەی کە «سەباستیان باخ» ی بە پێنجەمین ئیڤانیلیست داناوە.

دوٚستوٚیوٚفسکی لەخودا دەدوێت... هەڵبەتە ئێمە چەندین دیو و وێنەی دوٚستوٚیوٚفسکیمان لادروستبووە... وەکو نووسەرێکی ڕوٚمان نووس، ڕوٚمانی پوٚلیسی و ئیجرامی... پشکنەرە ئیجرامیەکان لەهەموو کەس زیاتر حەزیان بەخوێندنەوەی ڕوٚمانەکانی کردووە.

دوٚستوٚیوٚفسکی ڕەواناسێکی زێدە بەدەسەلاٚت بووە، زوٚر بەر لە فروٚید دکتوٚرەکان وەکو کەسێکی نمونەیی و کارامە و بەتوانا حیسابیان بوٚ کردووە لەبواری سایکوٚلوٚژی و. بەتایبەت لەبواری نەخوٚشی «پەرکەم ـ epilepsi»دا کە کوڕێکی خوٚشی بەو دەردە مردووە.

ئەمڕوٚ لەم ڕوٚژە باراناوییەی سانپیتەربوٚرگدا، دوٚستوٚیوٚفسکی مانایەکی تایبەت و مەزنی هەیە بوٚمان. ئەمڕوٚ ئێمە باس لە دوٚستوٚفسکییەکی ڕوٚحانی دەکەین، بەپرسیارەسەرەکییەکانیەوە لەمەڕ وجودی خودا... خودا هەیە... یان... نا...!؟

ئالێرەدا لەم ئاپارتمانە... لەم ماڵەدا... لەم گوٚشەی ژورەدا، دوٚستوٚیوٚفسکی سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسینەکانی بووە. لە ئوٚکتوٚبەری ١٨٧٨ وە بوٚ جانیوەری ١٨٨١... واتە ڕوٚژی مردنی هەر لەم شوقەیەدا ڕوٚمانی براکانی کارامازوٚڤی نووسی لەسالی ١٨٨١ دا لە ڕاستیدا ئەو ڕستانەی سەرەوە قسەی چاوساغە ڕوسەکە بوو، کەبەزمانی ئینگلیزی بوٚ گروپێکی توٚریستی دەگێڕایەوە.

بەهەرحال ئێستا واین لە موٚزەخانەی دوٚستوٚیوٚفسکی (کە لە ڕاستیدا دواهەمین ماڵێکە دوٚستوٚیوٚفسکی ژیانی تێدا گوزەراندووە و هەر لەم ماڵەشدا مردووە)

ئەو لەم فلاتەدا لەگەڵ خانمی ئانای خێزانی و دوو منالەکەی لە نێوان سالاٚنی ١٨٧١-١٨٨١دا ژیاوە.

کاتێک توٚ بەناو ئەم دواهەمین ماڵەی دوٚستوٚیوٚفسکی (کە ئێستا کراوەتە موٚزەخانە)دا دەگەڕێیت، ووردەشتی ئوٚرگناڵی ئەو دەمی دوٚستوٚیوٚفسکی دەبینی، بوٚ نموونە مێزێک، کە کاری نووسینی لەسەر کردووە... ووردە سکێچ و پەڕەموچی جوٚراوجوٚر... ئەو چەرپایەی کە دواهەمین هەناسەکانی ژیانی لەسەر هەڵمژیوە و ماڵئاوای لەژیان کردوە.ئەوئینجیلە کوٚنەی

کەکاتی خۆی «مادام فۆنیا» لەسەردەمی زیندانیدا پێشکەشیکردووە، بەرلەوەی ڕەوانەی ئوردوگای بێگاری سەخت بکرێ.

دیارە ئەو شتگەلە ئۆرگینالیانەی دۆستۆیۆفسکی، ماوەیەکی زۆری سەردەمی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، دەستبەسەرو بزرکرابوون، دواتر لەم سەردەمی ڕوسیای نوێیەدا سەریانهەڵدایەوەو، وا ئێستاش ئێمە لەم مۆزەخانەیەدا دەتوانین بیانبینین. دۆستۆیۆفسکی لە ساڵی ١٨٢١ لە مۆسکۆ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٨٨١ دا لە سانپیتەربۆرگ مردووە... باوکی تیۆلۆژی خوێندوە، کەچی دواتر بۆتە دوکتۆر، بەڵام دوکتۆرێکی هەژار، بەتایبەت لە سەردەمی مناڵی دۆستۆیۆفسکیدا. فیۆدۆر زۆرجاران لەدالانی عیادەکەی باوکی دادەنیشت و، قسەی لەگەڵ نەخۆشەکانی باوکیدا دەکرد. پاشان دۆستۆیۆفسکی دێتە شارو، دەچێتە بەرخوێندنی ئەندازیاری، لەو ئینستیوتە ئەندازیارییەی کە بەر لە تاوێک لەوێندەرێ بوون. پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی بەماوەیەکی کەم، لە سیلکی سەربازیا دامەزرا.

پاشان دەستی کردە نووسین و بووە ئەدیب. سەرەتای نووسینی لەساڵی ١٨٤٦ دا بەکتێبی (مرۆڤە داماوەکان ـ Arma människor) دەستپێکرد.

ئیدی لە پرتاو (Blinski ـ بلینیسکی) ڕەخنەگری مەزنی ڕوسی، هەستی بەتوانا و سەلیقەی دۆستۆیۆفسکی کرد، و لە ڕاستیدا دۆستۆیۆفسکی دۆزییەوە. ئەو ئێجگار سەرسام بوو بە نووسینی دۆستۆیۆفسکی و بەدرێژکراوە و تەواوکەری (گۆگۆڵ)ی لەقەڵەمدەدا. ئیدی لەدوای ئەو ناسینەی بلینسکی، ناو ونابانگی دۆستۆیۆفسکی سەدای گەورەی دایەوە. ساڵێک دواتر... یان ڕاسترە وابڵێین، هەرهەمان ساڵ ڕۆمانێکی تری بەناوی (هاوشێوەکە ـ Dubbel gångern) بڵاوکردەوە. ڕۆمانێکی سایکۆلۆژی وجۆرێک لە شیکردنەوەی باری دەروونی و ڕەوانی بوو. دیارە بۆ ئەو دەمی ساڵانی ١٨٤٦ ی ڕوسیا، لە دید و بۆچونی خەڵکیدا ڕۆمانێکی نامۆ بوو. هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو، کە پێشوازییەکی ئەوتۆی گەرم لەم کارەی دۆستۆیۆفسکی نەکرا.

لە کۆتایەکانی ساڵانی ١٨٤٠ وە، وورده وورده دۆستۆیۆفسکی ڕاکێشرایە ناو کەشوهەوای دنیایەکی شۆڕشگێرانەوە. دنیای (بلینسکی) و (پێتراشیڤسکی).

لەم کۆڕ و مەجلیسانەدا زیاتر دەمەتەقێ وباس و گفتوگۆ لەمەڕ کێشە و پرسیاری سۆسیالیزم و ژنان دەکرا. هەرچەندە دۆستۆیۆفسکی زۆر خەمساردتر لە هاوڕێکانی سەرقاڵی ئەوجۆرە گفتوگۆ و پرسیارانە بووە؛ حەزو ویستی لەو باسانە نەبووە، نەیسا هەر ڕاکێشرایە ناو ئەو جۆرە کۆڕوباس وخواستانەوە...! وێڕای ئەمانەش، ئەو بەدەنگی بەرز

نووسینەکانی ئەوانی دی دژ بە دەسەڵاتی قەیسەری دەخوێندەوە. دواتر دەسەڵاتی قەیسەریش کەوتنە سۆراخی و پاشان لەزیندانیان توندکرد. لەمانگی ئاپریلی ساڵی ١٨٤٩ دا زیندانی کرا. هەشت مانگ لە زینداندا بوو، پاشان بڕیاری لەسێدارەدانی دەرچوو.

مەرگ مەسەلەیەکە زیاد لە سنوری پێویست، کاریگەری لەسەر دۆستۆیۆفسکی داناوە. لەبەر ئەوەی هێند لە مەرگ نزیک بۆتەوە تا سنووری، وەکی دەڵێن... کەپویان بەیەکدا تەقیوەتەوە. بۆیە پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد دەبێت، ئیدی بابەت و خوێندنەوەی مەرگ لە زوربەی نووسینەکانیدا ڕەنگدانەوە و کاریگەری قووڵیان داناوە. لە نێوان ساڵانی ١٨٤٩-١٨٥٩ دا دوورخرایەوە بۆ (سیمی پەلانسک)ی ئۆردوگای کاری قورس وبێگاری، نزیک بەسنووری چین.

سەرتاپای ژیانی دۆستۆیۆفسکی، لەوماوەی ساڵانەی ژیانی زیندانییەیدا، واتە لەڕۆژی دوای جەژنی کریسمسی ١٨٤٩وە کە لە سانپیتەربۆرگەوە، ڕەوانەی ئەم ئۆردوگا زیندانییەی سنووری چینیان کردبوو. ناجۆرترین شێوە ژیانێکی هەبوو، پڕ لە پیسی و دزێوی و ئیهانەکردن، کۆت و زنجیریان لەپێی کردبوو، تەنانەت لەناو زیندانیش دەبوایە بەو کۆت وزنجیرەی، کە بەقاچەکانیەوە لەحیمکرابوو، بێت وبچێت...!!
ئەو هەرگیزاوهەرگیز لەوماوەی زیندانییەی دا، نەیتوانی تۆزقاڵێ بە ئارامی و دوور لە ئیهانە، چەند چرکەساتێک ژیان بگوزەرێنێ.
جا ئێوە بیهێننە پێش چاوی خۆتان... ئەم پیاوە هەستناسکە، لەوماوەی زیندانییەدا، هەرگیز بۆی نەبێت و نەتوانێت، تەنها بۆ چرکەساتێکیش بە تەنها بێت...! بەڵکو دەبێت و پێویستە لەگەڵ هەموو ئەو زیندانییانەی تردا ژیانی ڕۆژانەی بگوزەرێنێ. ئەوانەش کێبون و چ جۆرە زیندانییەک بوون؟... دز و جەردە وپیاوکوژ و لۆتی...!!

هەمان کات لەو ماوەیەدا، دروست لەناو خودی ئاژاوە و هەراوهوریای ناو زیندانییە جۆراوجۆرەکاندا، دۆستۆیۆفسکی توانی چەندین ئینسانی بێئەندازە بەویژدان و لەخواترس بناسێ. ئەوەش وای لە دۆستۆیۆفسکی کرد، کە هەست و بڕوای پتەوتر و قوڵتر بێت بە خەڵک و بە ئایینی مەسیحی لە ڕوسیا. تێڕوانین و باوەڕە بنچینەییەکانی وورده وورده گۆڕانیان بەسەردا دەهات، لە جۆرێک لە سۆسیالستییەوە بۆ قوڵبونەوە لە باری ڕۆحانی و دەروونی. هەمان کات بیرو تێڕوانینە سەرەتاییە سایکۆلۆژییەکەشی هەرمابوو.

ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە دۆستۆیۆفسکی لەو چوارساڵەی دوایی ژیانی زیندانییدا، هەرگیز بۆ چرکەساتێکیش نەیتوانیوە بەتەنها بێت. هیچ کتێب و ڕۆژنامە و نووسراوێکی لانەبووە. تەنها شتێکی ڕێگایان پێدابوو بیخوێنێتەوە، ئینجیلیلی (مادام فینۆسیناس) بووە. هێندەی خوێندبووەوە تا وای لێهاتبوو، لەبەرگەوە بۆ بەرگ هەمووی ئەزبەرو ڕەوان کردبوو.

هەنوكە ئێمە لە ژورێكی بچكۆلانەی ئەو زیندانە دانیشتوین، كە كاتی خۆی دۆستۆیۆفسكی تێدا ژیانی گوزەراندووە، بەڕاستی زیاتر لە ژێرخانێكی بچوك و تاریك و شێدار دەچێ؛ نەك لەژوور، پەنجەرەیەكی بچكۆلانەش لە لاچەپی سەرەوەیدا هەیە، قەرەوێڵەیەكی ئاسنیش لە گۆشەیەكدا دانراوە، كە من (ئوڤە ڤیكستروم) لەسەری دانیشتوم. ئەمە ئەو ژوورەیە كە دۆستۆیۆفسكیان بۆ ڕەوانە كرد لە بەهاری ١٨٤٩ دا. بەتاوانی ئەوەی چالاكی و یاخیبوونی دژ بەدەسەلآتی قەیسەریی ئەنجامداوە...!

دواتر دۆستۆیۆفسكی هەر لەهەمان ژووری ئەم زیندانەوە، لەپایزی هەمان ساڵدا، لەگەڵ كۆمەڵێك زیندانی تردا، بەرەو مەیدانی لەسێدارەدان دەبرێت. لە دەوروبەری گۆڕەپانی ئیعدامكردنەكە، كۆمەڵێ لە خەڵكی هەمەجۆرە دانیشتون و چاوەڕوانن، تا ئەو ماجەرای ئیعدامكردنە ببینن و دەستبكەنە هات و هاواری بێمانا و تورەهات...! هەرچی زیندانییە مەحكوم بە ئیعدامكراوەكان بوو، جۆرە تورەكەیەكیان دەكردە سەریان و پاشان گولەبارانیان دەكردن،

دروست چەند چركەیەك بەرلەوەی بدرێنە بەر ڕێژنەی گولەباران؛ هەر لەو ئان وساتەدا... فەرمانێك بۆ سەربازانی قەیسەر دێت، كە نەخێر... ئەو فەرمانی ئیعدامكردنە نابێ جێبەجێبكرێت. دیارە قەیسەر بۆخۆی ئەوەی بەخەیاڵدا هاتووە (ئەوەش لەژێر كاریگەری خوێندنەوەی نووسینەكانی دۆستۆیۆفسكی لەلای خودی قەیسەر كە فرمێسكی زۆری پێهەڵوەراندووە... و)، كە جۆرێك لەلێبوردن بۆ ئەم گروپە دەربكات، كە دۆستۆیۆفسكی یەكێك بووە لەوان...! لەدوای ئەوە چوارساڵی ڕەبەق بەهاوڕێیەتی هەمیشەیی نزیكەی ٦-٧ كیلۆ تەوقی ئاسنین، ژیانی زیندانی بردەسەر.......

ئەو ئێوارەیەی ٢٠ی دیسێمبەری ١٨٤٦ ، كە لە مەترسی مەرگ ڕزگاری بوو... كاتێك مەرگ لەسیلەی قەرەوڵی تفەنگەنانەوە، سەرەتاتكێی لە نێوان مەرگ و ژیانی دۆستۆیۆفسكی دەكرد. ئەو ئێوارەیە لێدانی زەنگی حاڵەتێكی لەخەوڕابوونی دینی، یان ڕاستره بڵێم ڕۆحی بوو لای دۆستۆیۆفسكی.

بەشی دووەم لە سەردەمی ژیانی دۆستۆیۆفسكی بریتی بوو لە ساڵانی ١٨٥٤-١٨٥٩ خزمەتی سەربازی لە (سیمی پەلانسكی) نزیك بەسنووری چین. لەوێندەرێ هەندێك نووسینی بەرهەمهێناو، ساڵی ١٨٥٩ گەڕایەوە بۆ سانپیتەربۆرگ. دەوجا تێكەڵ بە ژیانی ڕۆتینی شارنشینی سانپیتەربۆگ بووەو، ژیانی دەگوزەراند. ئەودەمیش ئەم شارە جۆرێك لەم قەرەباڵخی و فەوزایەی ئێستای هەبووە...! دیارە ناسین وئاشنایمان لەگەڵ ئەو سیماو كەش وئەتمۆسفێرەی شێوە ژیانەشدا، لەڕێگای ڕۆمانەكانیەوەیە. گەرماو قەرەباڵخی و ژاوەژاوی

ناوبازاڕ و گـوزەری کـاسـبکاران... بۆن وبەرامی تیـژو کـەسکونی خـواردنی پڕ لـە بەهارات و داودەرمـانی هـەمـەجۆرو هـەمـەڕەنگ. کەشـوهـەوای کۆڵانی باریک وتەنگەبەری شێدار. لەدوای گەڕانەوەی بۆ سانپیتەربۆگ، سـەردەمێکی لەدەرەوەی وڵات بردەسـەرو، لەوێش هـەمیشـە لەلایەن نووسـەران و دەزگاچاپەمەنییەکانەوە ڕاودەنراو بەدویدا دەگەڕان، تا گفت و بەڵێنی نووسینیان پێبدا، بۆ ئەوەی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانیاندا بڵاویبکەنەوە.

هـەمـان کات دۆسـتۆیۆفسکی بەدەست مـەسـەلەی نەدارییەوە دەیناڵاند. (تاوان وسـزا)ی لەژێر جـۆرێک لـە پاڵەپەسـتـۆی پێـوسـتـی مـادییـدا نووسی. ئەو کـاتێک دەسـتـی بە بڵاوکـردنەوەی سـەرەتاکانـی (تاوان وسـزا) کرد، نەیدەزانی چۆنچۆنی کۆتایی پێبـهێنێت. شـتێکی کـە زۆر جێگای سـەرنجـە، ئەوەیە کە دۆسـتۆیۆفسکی بێئەندازە زەوق و لـەزەتی لە (قومـار) دەبینی. بە قەولی نەوباوی ئیمرۆی ئێمە پیاوێکی قومارچی بوو. ڕۆڵێتی دەکرد، جلەکانی خۆیی و هـەرچی شکی پێـدەبرد، لەخـشـڵ و زێروزیوی خـێـزانـەکـەی هـەمـووی دەدۆڕاند... ئەوەیش تەنـهـا لەبەر ئەوەی حاڵەتە بیماییەکانی دەروونی لەبیرخۆبەرێتەوە، و ئینکاری زاتی خۆی بکات... سـەرەڕای ئەوانە گرفتـاربوو بەجۆرێک لەشێوەکانی نەخۆشی پەرکەم (epilepsi) پەرکەمێک وا لەهـۆش خـۆی دەبرد، وەکی دەڵێن لەسـەرسـەر دەیسـوڕاندەوە. پـەرکـەم وەکـو حـاڵەتێکی بیـمـاری لە زوربەی ڕۆمانەکانی دۆستۆیۆفسکیدا بوونی هـەیە. ڕۆمـانی گێل (idioten)ی لەسـاڵی ١٨٦٨دا بڵاوکردەوە. لە ڕۆمـانی (گێل)دا موشکین کەسێکە لەوانەی کە فێی پەرکەمی لێدێت. کوڕەکەی خۆیشی (ئەلیوشـە) هـەر بەنەخۆشی پەرکەم مردووە.

لە مـاوەی نزیکەی ٣٠ سـاڵی نووسـینی دۆسـتـۆیۆفـسکیدا... واتـە لە نێـوان ڕۆمـانی یەکـەم و دواهـەمینیدا... سـەرجەم نووسینەکانی پڕن لە عەزاب و ئازارو ترس وهـەسـتی زێدە ئیهانەکردن و درامای لەجۆری دڵپیسی... یان یاری قومار و پەیداکردنی پارەی نەخدی بۆ قومارکردن...!

لەم جۆرە ژینگەیەدا... لەکەش وهـەوای جیهانێکی پڕ لەوشێوە فەوزاوئاڵۆزەدا، دۆسـتۆیۆفسکی زیاتر خـۆی دەخـواردەوەو ڕۆدەچووە ناو قـوڵاییـەکـانی نـاخی خـودی مـرۆڤ. بەردەوام لەچاودێریکردنێکی ووردداا بوو بۆ دیراسـەکردنی نـهێنیـەکانی ئینسـان. هـەمـوو ئەوانەشی لە بیرو زیهنی خۆیدا دەکردنە بیرۆکەی پرسـیارێکی هـەمـیشـەیی و سـەرەکی...... کە ئایا خوداوەند وجودی هەیە؟ یان... نا؟!

سـاڵی ١٨٦٦ ڕۆمـانی تاوان وسـزا (Brott och straff)و سـاڵی ١٨٦٨ ڕۆمـانی (گـێل) ی نووسی. ڕۆمـانی (برایانی کـارامـازۆف)، دروست ئالەم ژوورەدا نووسـیویەتی. ئەم ژوورەی کـە ئێستا ئێمـە تێیدا ڕاوەسـتاوین، و ڕۆحیانەتی ئەو پیاوە مـەزنەش وەکو سێبەرێکی خۆمـان هـەمیشـە هـەنگاوێک لەولامانـەوە هـاوڕێیەتیمان دەکات، ئەو کتێبانە دەبینین کە ئەو سـەردەمـە

خوێندونیەتەوە... چەند هەنگاوێک لەولاترەوە چەرپای خەوتنی منالەکانی دەبینین. ئەم زاتە فیۆدۆر ئەلیکساندەر دۆستۆیۆفسکی بێئەندازە منالی خۆشدەویست. منال لای ئەم هەناسەکانی خوای میهرەبانن، تیشک وپرشنگی ژیان دەدەنەوە....

وا ئێستاش هێدی هێدی بەرەو (قاوەخانەی میترۆپۆل) دەڕۆین. قاوەخانەکە لە نهۆمی یەکەمە لە باڵەخانەی مۆزەخانەکە لە هەمان شەقامی سەرەکی دۆستۆیۆفسکی. لێرە، لەم قاوەخانەیەدا ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە دەبینرێت؛ قەرەباڵخیەکی زۆر و خەڵک سەرگەرمی قسەو باسی هەمەجۆرو هەمە لایەنن. ئەم قاوەخانەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان، بەیەکێک لە قاوەخانەکانی ئەو ڕۆژگارانەی سەدەی هەژدەی ڕوسیای قەیسەر دەچێت. دروست ئالێرەدا یەکێک لەهەرە نازدارترین و شاکارترین کارە هەرە جوانەکانی دنیای ئەدەبی مرۆڤایەتی نمایشدەکرێت.

لە( برایانی کارامازۆف)دا پرسیاری دۆستۆیۆفسکی لەمەڕ بوون و نەبوونی خودا دا دەسوڕێتەوە. ئایا خوداوەند بوونی هەیە؟ یان دیاردەیەکە بەدوور لەسنورەکانی بوون....! ئەوەیە پرسیارە سەرەکییەکەی دۆستۆیۆفسکی.

لێرە لەم قاوخانە بۆنساردەدا، کە بە چرەدوکەڵ قانگدراوە. خەڵکانێکی زۆر لە سوچ و پەنا و پاساری تاریک وساردا، سەرقاڵی دواندن وگفتوگۆی نەبڕاوەن لەمەڕ وجودی خودا...! ئەم جۆرە خەڵکانەش زۆرجارو زوربەیان لە سنووری مۆعتاد وئالودەبووندان بە ئەلکهول. ئیدی لەم شێوە ئادەمیانە، کە هەمیشە دەبنە دوو دەستەی جیاواز. دەستەیەکیان باوەڕیان بە بوونی خودا هەیە و، دەستەکەی تریشیان خەریکی ئەوەیە کە چۆن بیسەلمێنێ، کە نەخێر خوداوەند بوونی نییە...!

ئیڤان کارامازۆڤ بەسەرنجێکی قوڵی ئاگراویەوە، سەیردەکا و دەقیژێنێ (خوا بەدوور لەفەنتازیاکانی ئێمەی مرۆڤ بوونی هەیە؟ یان...نا...!!

قریشکەکەی ئیڤان لە هەناوی ئێمەدا دەنگدەداتەوە. وەڵامی دۆستیۆفیسکیش ڕاست وڕەوان دەڵێ... بەڵێ خودا بوونی هەیە. بەڵام هەموو شتێکی پرشنگداری کە شەوق وڕەونەق دەداتەوە، مەرج نییە خودا بێت.

نەیسا ئەو خودایەی دۆستۆیۆفسکی، خودایەک نییە ترسێنەر و چاوەڕوانی پەرستن بێت...! باوکێک نییە کە منالەکانی خۆی دارکاری بکات...! خودایەک نییە بەندەکانی خۆی بە ئاگری دۆزەخ بترسێنێ و هەمان کات بەمژدە و بەخشیشەکانی بەهەشتیش ڕامیان بکات. نا... بەڵکو خودای دۆستۆیۆفسکی شێوەیەکە لە قوربانیبوون... جیهانێکە پڕ لە لێبوردن... هەستکردنە

بەئازارەکانی مەسیح...

قسەیەکی زێدە بەناوبانگی کلاسیکی لەمەڕ هەقیقەت و مەسیحەوە هەیە و دەڵێ... ئەگەر کەسێک بۆمان بسەلمێنێ کە مەسیح لە دەرەوەی سنووری هەقیقەتە،و مەسیح وهەقیقەت دوودیاردەی سەربەخۆن بەدور لە سنورەکانی یەکدی. ئەوا من لەبری هەقیقەت، مەسیح هەڵدەبژێرم. (ئوڤە ڤیکستروم... مەبەستی لەم نموونە کلاسیکییە ئەوەیە پێمان بڵێ کە مەسیح بۆخۆی هەقیقەتە وجیاناکرێتەوە لەمانای هەقیقەت)

**سێ بابەتی سەرەکی لای دۆستۆیۆفسکی**

**یەکەم:**

خودا بوونی هەیە...ئەمرۆ جۆرەبیرکردنەوەیەکی ئاسایی وباوی ناوخەڵکی هەیە.کەمو زۆریش لای زوربەمان ڕێزی لێگیراوە،ئەویش ئەوەیە... مەسەلەیەک نیە مرۆڤ بڕوای بەچییە...!؟ ئیمانی هەیە...یان...نا...!واز لەخەڵکی بهێنن،بۆخۆیان بڕوا بەچی دەکەن،با ئەوە بپەرستن.! با واز لە خودای ناو دەقی ئایەتەکان بهێنین.

ڕەنگە مرۆڤ بڕوای بە جۆرە مەسەلەیەکی ڕۆحانی هەبێت...یان جۆرو شێوازێک لە موزیک بپەرستێت.لەوانەیە کەسێکی دی بوونی **خوا** لەنێوان وورده زیخ ولمی کەنار دەریادا،یان لەناو قەرسیل وچیمەنی دەشت ونزارەکاندا،بدۆزێتەوەو بیپەرستێت.ئەم جۆرە **خوداوەندە** سیمای بێسنوری هەیە.مرۆڤ بۆخۆی و لەسنوری فانتازیاکانی خۆیدا،شێوەیەک لەجوانیەکانی سروشت دەکاتە سیمای پیرۆزی خوایەکی خۆی.!
ئەوجۆرە خودا ئاسمانییە،نهێنیەی کەبە چ شتگەلێکەوە نەبەستراوەتەوەو بەبێ مەرجو مەرجکاری نابینرێ، خودایەک لەو شێوەیە و بەومەرجانەوە سەرنجی دۆستۆیۆفسکی ڕانەکێشاوە.
بۆ ئەو پرسیاری بوونی خوداوەند هێندەی چاوی قرژاڵ ڕوون وئاشکرایە. خودا بوونی هەیە، وەک ئەکتەرێکی ناومان کەدەتوانین متمانەی پێبکەین. بڕوامان بەبوونی هەبێت. خودایەک بە پاشخانێکی ڕۆشنبیرانەوە، بەدەستی پڕلە کەرەسەی ڕۆشنگەرییەوە، کەئامانجی خۆشبەختی و ئارامی مرۆڤ بێت.خودای دۆستۆیۆفسکی خودایەکە دێت و فرمێسکە تەڕەکانی مەخلوقە خەمبارەکانی خۆی دەسڕێت و دەبێتە گەرەنتی چاکە و چاکەخوازی. ئەمەیە ئەو خودایەی کە دۆستۆیۆفسکی پێماندەناسێنێ.

ئیڤانی برا گەورە لەڕۆمانی کارامازۆڤدا، دروست ئالێرەدا دانیشتووە... پاش ئەوەی شۆربای

پیوازی خواردوە و چایی خواردۆتەوە، پاشان سەری قسەوباسێک لەگەڵ (ئەلیوشە)ی ڕابیندا دادەمەزرێنێ.

ـ من هەرچی دەکەم ناتوانم لەوە تێبگەم وتەحەمولی بکەم، ئێمە گەورەکان، لەهەمبەر گومان وگوناحەکانماندا لەگەڵ خوداو یاسا خودایەکاندا، کێشەیەک نیە... بەڵام مناڵان چ تاوانێکیان نەکردووە، گوناحێکیان نییە، ئیدی بۆ عەزاب بچێژن...! کەچی تۆش باس لە جوانی وچاکەخوازی خوداوەند دەکەیت...! دەمبەخشی... پاشان ئیڤان باس لەو دیمەنە زۆرناسراوە دەکات کە چۆن (سەربازێک سەرمەست ونوقمی حەزو ویستی کوشتن وبڕین بووە... مناڵانی ساواو شیرەخۆرەی بەرمەمکانە، لەکۆشی دایکیان دەفڕێنێ و بە هەموو هێزوتوانای خۆیەوە بەئاسماندا هەڵیان دەداوپاشان بەقاقای پێکەنینەوە، بەنوکی سۆنگی تفەنگەکەی دەیانگرێتەوە. ئەو ئادەمەپاکانە... ئەو مناڵانەی کە تیشک وپرشنگی ماناکانی ژیانن، لەبەرچاوی دایک و باوکانیان دەمرن. پێمناڵێیت ئەوە چ جۆرە میهرەبانی وچاکەخوازییەکە لای خوداوەند.!؟ ئەلیوشە... ڕابینە گەنجەکە، لەبەردەمی ئیڤان ڕۆنیشتووە و گوێهداری لە قسەکانی دەکات. هەرچی ئیڤانیشە تەواو قەڵسە بەبوونی ئەلیوشە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە سەرسامی و سەراسیمەیی هەیە بۆ هەموو ئەو ئارامی وبێدەنگییەی کە ئەلیوشە هەیەتی... من چ ڕێز و ستایشێکم نییە بۆ خودایەک کە ئینسانگەلێکی ئاوها دروستدەکات، هەر ئەو خودایەش سەرەتا دەزانێ کە ئەم نەوەی ئادەمیانە بەخراپ بەکاهێنانی ئەو ئازادییەی پێیاندراوە چ ماجەرایەک دەخولقێنن... نا... من بلیتی چونەژورەوەم بۆ لای خواگیانێکی لەوجۆرە تەسلیمکردۆتەوە... هیچ جۆرە ئاشتبونەوەیەک لەگەڵ ئەو خودایەدا لای من بوونی نییە. ئیڤان ئارەقەی کرد... ڕەنگبێت، ئەوساش هێندەی ئەمڕۆژەی ئێستای ناو ئەم قاوەخانەی میترۆپۆلە هەوا گەرم بوبێت...! پرسیاری سەرەکی و بنچینەیی دۆستۆیۆفسکی، لەمەڕ وجودی خوا، جۆرێکە لە دوعا و نزاوپاڕانەوەیەکی ڕۆحانی.

دووەم:

لەمێدیاکاندا زۆر لەوبابەتانە دەهێنرێتە بەرباس و لێکۆلینەوە،بەتایبەت دەربارەی پێویستی ئێمە لەهەمبەر پرسیاری ڕۆحانیەتدا. پرسیار لەوەیە کاتێک مرۆڤ بە دیوە تاریک و قووڵ ونادیارەکانی ناخی خۆیدا دەگەڕێت، تا مەسەلە پیرۆز و ڕۆحانییەکانی خۆی بدۆزێتەوە و بیانکاتە واقیعی خۆی... دۆستۆیۆفسکی لەوەڵامدا دەڵێ نا... نا... نا، پرسیار لەمەڕ ڕۆحانییەت نییە! بەڵکو پرسیای لەمەڕ خودایە، خودایەکی ڕزگارکەر لە کاتی تەنگانەدا. مەسیحییە شارەزاکان، زۆر باس لە کەنیسە دەکەن، هەرچی دۆستۆیۆفسکییە بەئاستەمیش مەیل و

سەرنجی بەلای کەنیسەدا ناچێت...! بەڵکو هەر خودی حەزرەتی عیسایە، کەجێگای سەرنج و قوڵبونەوەی ئەو بووە. قەشە پیاوی چاک بووە یان خراپ... ژوور و حوجرەکانی کەنیسەکان ڕۆمانسی بوون یان درێو و ناخۆش ودڵتەنگ، ئەم جۆرە باس وبەراوردکارییانە بۆ تەنها ساتێکیش ئارەزوی دۆستۆیۆفسکیان نەجوڵاندووە.

پرسیاری سەرەکی لای دۆستۆیۆفسکی ئەوەیە...ئایا تەنها ئێمەین لەم گەردونەدا بونمان هەیە ؟ یان......

خۆیکردنە دەمی زامی ئەوپرسیارە بنچینەییەی لەمەڕ مانای ژیان، لەم قاوەخانەی میترۆپۆلەدا، بەمانای پەڕینەوە لەو سنوری پرسیارکردنە... پرسیاری قوڵ و جیدی...! مرۆڤ ناتوانێت جدیی نەبێت لەگەڵ پیرۆزییەکانی خۆیدا... ئەمەش مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە.

کاتێک نمایشتی کۆتایی ژیان، خۆی لە مردنی ئازیزێکماندا بەرجەستەدەکات و، ئەم ژیانەی ئێستامان دەکەوێتە بەر قەپیلکی مەرگەوە و، خاڵی کۆتایی بۆ دادەنرێت... ئەو کاتە ئەگەر شتگەلێکی دی نەبێتە بەربەست، ئەوا هەموان وەکو ئیڤان کارامازۆڤ... پرسیارە هەرە قوڵەکانی ئیڤان خوا بوونی هەیە؟ یان... نا...! بەجیدی دووبارەدەکەینەوە.

یەکەم خودا بوونی هەیە... دووەمیش هاوخەمی و هەستکردن بەئازار و مەینەتییەکانی ئەوانی دی، تەنها ڕێگەیەکە بۆ هێورکردنەوەی گومان و بۆ فێنکردنەوەی گەرمی و تاوی سەری پڕجۆش وگوماناوی و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئیماندا.

ئێوە ئەو ڕۆمانەتان وەبیردێتەوە، کە لەم ژوورەدا نمایشکراوە. (ئەلیوشە) ئەو ڕابینە کەمدووە، چ ناڵێت! بەڵام ئەو پێکهاتێکە لە چاکەخوازی و لە میهرەبانی، هەموو سروشت و کاراکتەری ئیمان و میهرەبانی نیشاندابن... کە سەرەتایەکی جوان و سادە و ساکارە بۆ باوەڕهێنان بە ژیان. نەمریش شتێکی تایبەت نییە، جگە لەباوەڕهێنان بە جوانییەکانی خودا وژیان... بەشێوەیەک لە شێوەکان دۆستۆیۆفسکی دەیەوێت جەخت لەسەر بوون و نەبوونی خودا بکات. کەسانی ئیماندار و بەهیوا، کە خۆی تەسلیمی بوونێک، باوەڕێک، عەقیدەیەک دەکات، دەیەوێت لەنزیکی ئەو باوەڕە پیرۆزەوە بێت و هەندێک لەنهێنییەکانی ئەو باوەڕو ئیمانەی دەسگیربێت و دڵنیابێت.

دیارە هەندێک لەو خەڵکە بەهیوا و ئیمانداره ئاسایانە لە مەسەلەی خەبات و ململانێی فکریاندا، کەمتر سەردەکەون و بەدەگمەنیش دەگەنە ئاستەکانی باوەڕوئیمان...!

دیارە پرسیاری (بوونی خوا) کە لە ئاستێکی ڕۆشنبیرانەدا (ئینتلکتوێل) لەلایەن دۆستۆیۆفسکییەوە دەکرێت... بەڵام وەڵامی عەقلانییانە (ڕاشونالیستسانە)ی دۆستۆیۆفسکی، وەڵامێکە عەقڵمان فێردەکات... هەرچەندە لەدیدێکی لۆژیکیەوە وەڵامان ناداتەوە... نا... بەڵکو

بەشێوەیەکی یەکجار سەیر لە چەمک و مانای (چاکەخوازی)یەوە، لەلایەن عەقلێکی هاوخەم وئازارچەشتووە وەڵامدەداتەوە. نورانی وپیاوچاکان هەمیشە ئەرگومێنتی ڕوون ودیاریان نییە...! بەڵام جۆرێک لە قەناعەت و دڵنیایان هەیە لە نیشاندانی خۆیان وەکو کەسی نمونەیی و نوقومبوو لە محیبەتدا، لەمحیبەتی دنیای جاویدانیدا.

- ڕەنگە بتوانین ئائەوە ناوزەدبکەین بە تەسلیمبونێکی ڕۆشنبیرانە، یان گێلیێتیەکی ڕۆمانسیانە...

- نا... نا... نا ئەلیوشە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دەڵێ... ئەتۆ پێویستە عەشقی ژیان بیت، عەشقێک گەورە و مەزن تر لە ماناکانی خودی ژیان.

- خودا چ کارێکی نییە، جگە لەزیندانکردنی ئەو پیاوچاک و بەویژدانە نورانییانە، لەزیندانی حیکمەتەکانی خۆیدا...!

- هەندێک جار عەقلانییەت بۆخۆی جۆرێکە لە زیندان!

- هەندێک جار دوو کەڕەت دوو ناکاتە چوار، بەڵکو دەکاتە پێنج!! ئەوە یەکێکە لە ڕستە زۆر ناسراوەکانی دۆستۆیێفسکی. نەهەست و نە بیر گرنگ نین، لە مەسەلەی پرسیار دەربارەی ماناکانی ژیان...! بەڵکو چاکەو محیبەت گرنگن... عەشق گرنگە... عەشقی عاشقبوون... عەشقی ژیان.

نەیسا خاڵی سەرەکی و بنەڕەتی لای دۆستۆیێفسکی ڕوون وئاشکرایە. هێزێکی ئیلاهی... خودایەک... بوونی هەیە لای ئەو، بەڵام پیاو ناتوانێ بە لۆژیکێک بوونی ئەو خودایە بسەلمێنێ وبیناسێ... مرۆ هەر دەتوانێ ژوانی لەگەڵدا بکا ولێی نزیک بێتەوە، دڵمەندی بێت.

–دیارە هەر ئەوەشە سەرەتاکانی مەوزوعیەتی، هاوئازار وهاوخەمی لای خودی مەسیح لە مەسەلەی گفتوگۆکانی لەگەڵ خودادا، وەکو باوک و فەرزندە!

- تەنها شتێکی لای ئەو... ئەو باوەڕەیە... ئەو تینوێتیە ڕۆحانییەیە، کە بەقوڵبونەوە لەئارامی ومیهرەبانی خودادا تینویەتی خۆی دەشکێنێ.

- باشە حاڵی بووین... ئەوانە کۆمەڵێ ڕستە و شێوە ئامۆژگارییەکی جوان وناوازەن... گەلێک ئیدیالیستن.!

**لە ڕاستیدا دۆستۆیێفسکی یەکێک لە پرۆژەکانی لە مەسەلەی نووسیندا، بریتی بووە لەوەی کە نەخشەی ئینسانێکی نورانی و چاکەخواز بکێشێ. ئینسانێک دەوڵەمەند بە ڕەنگەکانی جوانی وڕامان لەمحیبەت. ئینسانێک کە دەتوانێ پەیمانێک لەگەڵ گومان وئازارەکانیدا ببەستێت!**

هەنوکەش ئێمە بەجۆرێک لە جۆرەکان گیرۆدە و مەفتونی ئەو عەهد و پەیمانەین. هەموو ئەم

ئاشنایەتییەشمان بەو عەهد وپەیمانانە، لەڕێگای ئەو مرۆڤە پاک وپەپولە ئاساییانەوە دەبێت، کە خۆیان دەتوێننەوە.

سا جۆرە شێتایەتییەک لە جوانی و چاکەنەوازی لای (سۆنیا) ژنە پاڵەوانەکەی ناو ڕۆمانی (تاوان وسزا)دا هەیە... سۆنیای سۆزانی... ئەوێک کە بەکاری لەشفرۆشی بژێوی ژیانی خۆیی و خێزانی مسۆگەر دەکرد...!

لە ڕێگای (سۆنیا) و عەشقێکی ناخودئاگایی ئەو بە (ڕاسکۆڵنیکۆڤ)ـە وە، دیارە بەدور لەحاڵەتە پیاوکوژییەکەی ڕاسکۆڵنیکۆڤ، ئاشنا دەبین بەکەسانی سادەو میهرەبان و نورانی.

ئەو پیاوکوژە لەژێر کاریگەری تەلیسمی عەشقێکدا توانی دان بە تاوانی پیاوکوژبوونی خۆیدا بنێت و، لەدوای ئەو ئیعترافکردنەوە، خاڵی سەرەتای ژیانێکی نوێ دەستپێبکات.

کاراکتەری ئەو مرۆڤە، چاکەخوازە... نورانییە... پیاوچاکە، لە سیمای شێتانەی (موشکین)دا دەبینین لە ڕۆمانی (گێل)دا، هەمان شێوە لەلای (ئەلیوشە)ی ڕابینە گەنجەکە بەدیدەکەین.

- هەر لەم ڕەستورانەدا ئیڤان پرسیاری جیدی خۆی دەکات... پێویستە مرۆڤ عاشقی ژیان بێت، زیاتر لەسنوری ماناکانی عەشق وژیان؟

- بێگومان... ئەلیوشە وەڵامی دەداتەوە... عەشقی عاشق بوونی ژیان، کارێکی حەتمیە!

- لۆژیک (مەنتیق) پێویستە ڕێگا بۆ عەشق چۆڵکا...

- هەرگیز لۆژیک نابێ ڕێگا لەیاسای خوێندنەوەی کۆدەکانی عەشق وعاشق بوون بگرێ. ئیدی ئەو دەمە مرۆ حاڵی دەبێت لە خودی ماناکانی عەشق و عاشقبوون...

نەیسا ڕازو نهێنیەکان بێوەلام لە جێگای خۆیانن، بەهەمان بارستایی و قەبارەی جارانیانەوە...!

هەمومان زوو یا درەنگ، پێدەخەینە ناو ئەو جیهانە زامدارە پڕ لە گومانەوە... ئەوەش مانای وایە کە هەر یەک لە ئێمەش جۆرێک لە (ئیڤان) مان لە هەناوی خۆماندا هەڵگرتووە.

ئەوە کارێکی مەحاڵ و نەشیاوە، کە لە کۆتایی ماجەراکەدا، ئێمە بە جۆرێک لە خۆهەڵخەڵەتاندن و خۆ فریودان بڕوا بە خۆمان بکەین و بڵێین (مەسیح) سەرقافڵەی شازی شازان بووە. ئەم شێوە درۆزنانەیە لە خۆدواندن، چ نییە بێجگە لە جۆرێک لە بەدکارییەتی...! چ نییە بێجگە لە شێوەیەکی کۆمێدی، بەپێی پەتی بەسەرئاودا ڕۆیشتن... پەڕینەوە بەسەر پردی گومانەکانی بوون و نەبوونی خوادا....!

شێوە مەسیحێکی کە هەموو ژیانی پڕبوبێت لە چاکەخوازی وجوانی ومیهرەبانی و ئارامی لە دنیای دۆستۆیۆفسکیدا زۆر دوور ئامێز بوو، لەبەر ئەوەی گومان ودوڵی ڕاڕایی، لەلای

هەریەکەمان بوونی هەیە... ئەوەشی کە هەڵوێستەرەهەندوڕاپەتی بەرانبەر ئەو دوودڵی ورارایی وگومانە دەکات ، لای دۆسنیۆفسکی خودی عەشقە،عاشقبوونە...چاکەخوازیە،دڵودەرون فراوانیە.میهرەبانیە،نەک هەقیقەت ومەنتیق...!ئەو بۆچونی ئاوهایە کە ئەوە کاری چاک ومیهرەبانیە جیهان ڕزگار دەکات ،نەک لۆژیک وهەقیقەت....

ڕەخنەی دۆستۆیۆفسکی لەو ڕۆشنبیرییە، کە جیهانبینیەکی گەشبینی هەیە و پێیوایە کە هەموو شتگەلێک بەکاوەخۆ چێدەبێت، ودنیا دەبێتە بەهەشتی بەرین...!

ئەم خوێندنەوە و ڕەخنانەی دۆستۆیۆفسکی لەم شێوە بیرکردنەوەیە... بۆ ئێمەی ئوروپایی، فریوخواردو بەکۆمەڵێ باقوبریقی ژیانی مادی، جۆرێکە لەپەتاتەیەکی داخ وگەرم، کە دەستی هەریەکێکمان دەسوتێنێت، کە ئەو جۆرە پرسیارانە بوروژێنی...

دۆستۆیۆفسکی تەشویقی هاوخەمی وئارامی وقوڵتربیرکردنەوە دەکات لای قوربانی .مرۆڤ بەڕەزیلی لەمحیبەتدا سامانی عەشقی دەوڵەمەند نابێت... نابوت دەبێت... بەڵکو بەخشندەیی و دڵودەرون فراوانی لە محیبەتدا وادەکات خەرمان وسامانی محیبەت وعەشق هەر لەزیادبووندا بێت؛ کە شتێکت بەخشی، چەندینی تر بەدەستدەهێنیت...

مرۆڤ لەڕێگای لەبیربردنەوەی زاتی خۆیەوە یان کوشتنی نەفسیەوە، دەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە. دیارە ئەم شێوە خوێندنەوە و وەسفانەش چ لەدنیای دۆستۆیۆفسکی و چ لە دنیای ئێمەشدا، بازاڕیان هێند گەرموگوڕ نییە و نەبووە...

بۆیە خاڵی سەرەکی لای دۆستۆیۆفسکی ئەوەیە ناخ ودڵی ئێمە دەبێت ڕۆحێکی هەبێت... ئەوەش مەسەلەیەکە کە زۆرجار هزرو بیرکردنەوەمان باش لێی حاڵی نابێت... دیارە مەسەلەکەش ئەوەیە کە مرۆڤ زیاتر بەدوای میزاج وحەزی دڵی دەوکەوێت...!!

**سێهەم:**

باوەڕ و ئیمان لەڕێگای قوڵبوونەوە و ڕۆچون وچوونە خوڵوەتەوە نایەتەبەرهەم ... بەڵکو لەڕێگای گومانەوە پێیان ئاشنا دەبین.

- لەڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)دا ژنێک بوونی هەیە؛ ئەو ژنە ناتوانێ بڕوابهێنێت و قەناعەت بە بوونی خوا بکا...! ئەو دێت بۆ ناو جیهان ودنیابینیەکی دی لە هاوپەیوەندییەکانی بە ڕێز و مەزنایەتی خوداوەندەوە... ئەو ژنە بەدەست گومانی بڕوانەکردنەوە گینگڵدەدات. ئەو بڕوای وایە کە ئەو پرسیارە بە گومان وگینگڵ خواردوانە، شێوەیەکە لە پەڕینەوە لەسنورەکانی (تۆلێرانس) .

مرۆڤ ناتوانێ چ شتێک بسەلمێنێ، بەڵکو هەردەتوانێ قەناعەتبهێنێ...!! دروست ئالێرەدا ئەو ژنە (سیما) پرسیاردەکات....

- چۆن؟ روونی بکەرەوە؟ بە چ شێوەیەک؟

- لەرێگای پیادەکردنی عەشقێکی چالاکەوە، هەوڵی ئەوە بدە ئینسانەکانی دەوروبەرت خۆش بوێت، بێ زۆر لەخۆکردن.! ئەمەش بەمانای ئەوەی چەندە لە مەحیبەت و خۆشەویستی هاوئینسانەکانی دەوروبەرتاندا سەرکەوتوبن، چەندە لەعەشقدا دەستبلاوبن، هێندە سامانی عەشقتان روو لەبرەو زیادی دەکات. زیاتر بروا بەبوونی خوداوەند دەهێنن... زیاتر بڕواتان بە نەمری خۆتان دەبێت...!! خۆتان بپارێزن لە درۆکردن... بەدووربن لە درۆ... لە درۆ دژ بەخۆتان) ئەو هەر لەسەر قسەکانی بەردەوامە...

- عەشقی چالاک چییە؟ کارکردنە... ماندونەبونە... تەحەمولکردنە... رەنگە بۆ هەندێکمان بریتی بێت لە جۆرێک لە زانست... لە ساتەکانی رامان وقوڵبونەوەدا...

- من بەدوای ساتێکدا وێڵم و راکەراکەمە... ساتگەلێک بەدوور لە هەموو رۆتین و هەراوهوریای ژیانی رۆژانەوە... ساتگەلێکی کە گومان وبڕوا، بەئامانجە جیاوازەکانیانەوە تەواو لەیەک نزیک دەبنەوە. کەچی هەمان کات هەستدەکەم تەواو دوورن لە سنورەکانی ئەو ئامانجانەوە.
دروست لەو چرکەساتەدا، هەست ونامۆیی دەسەڵاتێکی ناسروشتی وئیلاهی لەناختاندا چرۆ دەکات... شکۆفە دەکات، ختوکەی گومانتان دەدات... قوڵپ دەدات...دەکوڵێت. ئەوەش چ نییە بێجگە لەخودایەک... قودرەتێک جوامێرێک کەهەمیشە خۆشیویستون و بەپەنهانی رێنماییکردون، دەستی میهرەبانی بەسەرتاندا هێناوە.

دیارە خاڵی بنەرەتی لای دۆستۆیۆفسکی ئەوەیە... بۆئەوەی بەدیداری خودا بگەیت... دەبێت سەرەتا لە لایەنە سادە و ساکارەکانی کاراکتەری ئەو زاتەوە دەستپێبکەیت... چۆن؟

- سەردانی ئەوخزمە نەخۆشەت بکە، کە لەسەر پێخەفی مەرگ چاوەڕوانە و هەرگیز پێشتر سەردانت نەکردووە.

- هەواڵپرسینێکی تەلەفۆنی لە کەسێکی تەنها بکە... کە هیچ کەس ئەو وتەنهایی ئەوی بیرناکەوێتەوە...

- سەردانی ئەو خەڵکانە بکە، کە هاورێ و دۆستەکانت بە پەسترین وجارسترین کەس ناویان دەبات...

- مرۆڤ دەتوانێ رۆحی تولەرێگاکانی ژیان لەلای ئەو جۆرە کەسانە بدۆزێتەوە، کە لەپلەکانی خوارەوەی هەرەمی ژیاندا گوزەران دەکەن...!

ئەو مرۆڤە ئاسایی و چاکەخوازانەی بەتایبەت، ئەوانەی بونەتە جۆرێک لە قوربانی هێند عەشقی ژیان بوون و هێندەش تێکەڵییەکیان لەگەڵ ئیمان و ژیاندا خەملاندووە، بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودی بووندا... پاشان خۆ ژێردەکەنەوە لەگەڵ ئیماندا... هەموو ئەمانەش وەکو کارێکی ئاسایی جێبەجێ دەکەن، بێ هیچ سەرئێشە و زۆرلەخۆکردنێک.

ئەم ئینسانە ئاسایی و لەبیرکراوانە نمایشتێک دروستدەکەن، دەڵێی ئاوێنەی ئاساییە ومانای قوڵی بوونی خوامان نیشاندەدات... کاتێ ئەو مرۆڤانە لەگەڵ تۆدا پێکدەگەن... براو خوشکانێک کەدەتوانیت لەبری ئەوانیش بیربکەیتەوە و خۆت بخەیتە جێگەی وان...! مەسیحیش دەورو جێگای هەر لێرەدایە.
رۆحیانەتی مەسیحی لەسەربنەمایەک دروستبووە کە بریتیە لە دۆزینەوەی نهێنیەکان... ئەگەر تۆ شتێک ببەخشیتە کەسێکی نەبوو... لەڕێگای ئەو بەخشینەوە زیاترت لەوە دەستدەکەوێت کە پێشتر بەخشیوتە.

لەسەر کێلی گۆڕەکەی دۆستۆیۆفسکی نووسراوە... کاتێ گوڵە گەنمێک، دەنکە گەنمێکی لێبەردەبێتەوەو لەدڵی زەویدا دەنێژرێ... بەو مردنەی ئەو دەنکە چەندین گوڵەگەنمی تر دەژێتەوە... دەنا هەر گوڵەگەنمێک بوونی دەبوو...! لەڕێگای بەخشینەوە مرۆڤ دەسکەوتی پتر دەبێت... دیارە ئەم تیۆرییە بۆ عەقیدە وئیمانیش دەگونجێ.
وەڵامی دۆستۆیۆفسکی بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی لەمەڕ بوونی خوداوەندێکی زیندو دەکرێن و لەدوی دەگەڕێن؛ زیندو بە مانا و وێناکردنە (تەسەوراتە) تەقلیدییەکانی ئێمە بۆ خوا... بریتیە لە:

- چ کتێبێکی دی ... چ حەرفێ... چ لاپەڕەیەکی دی مەخوێنەرەوە...
- بەدوای مۆسیقایەکی جوانتردا مەگەڕێ...
- چیدی بەپلیکانەی ناخی خودوخەونەکانتا مەچۆرە خوارەوە...
- لەعەشقەوە دەسپێبکە، ئەوانەت خۆشبوێت کە هەموو کەس فەرامۆشیان دەکات.تا ئەودەمەی مرۆ لە قەپیلکی زاتی خۆی و جیهانی خۆیدا، خۆ زیندان دەکات و سەرقاڵی نمایشکردنی ماناکانی ژیانە. ئەو زاتە جۆرە گینگڵێک لەگەڵ ڕۆشنبیری خۆی دا دەدات و لەبەر پێی خۆی زیاتر نابینێ، ڕۆژبەڕۆژیش لەوسامانە ڕۆشنبیرییەی کەمدەکاتەوە و شتێکی دی ناخاتە سەر خەرمانی زانینی خۆی.

بەڵام لەڕێگای عەشقی مرۆڤەوە... لە تولە ڕێگاکانی عاشقبوونەوە... عەشقبوونی پەروەردگار... لەڕێگای عەشقی هونەری جوانییەوە، مرۆڤ دیوە تاریک وشاراوەکانی خودای لێ ڕوناک دەبێتەوە.

دۆستۆیۆفسکی دەڵێ... ڕزگارکردنی جیهان و ژیان لە شەوەزەنگی تاریکی، بەئاشبونەوەی هونەری جوانی چاکەخوازییە لەگەڵ ژیاندا. ئەوجا ئامۆژگاری (ئەلیوشە) بۆ ئێمە قوڵبونەوەیە، لە مانا قوڵکانی هەقیقەت وسەلیقەی زانین ـ عارفبوون ـ نەک فەرامۆشکردن وتەسلیمبوون بەجستوجۆکانی ئەندێشەسازییەوە لەمەڕ وجودی خۆمان و خودایەک. وتەیەکی بەناوبانگی کلاسیکی هەیە کە باس لە هەقیقەت و مەسیح و پەیوەندییەکانی ئەو دوانە دەکات. (ئەگەر کەسێک ئەوەم بۆ بسەلمێنێ کە مەسیح لە دەرەوەی هەقیقەت بووە و ئەمنیش لە نێوانی مەسیح و هەقیقەتدا، پێوستە ئیختیاری هەڵبژاردنی یەکێکیان بکەم؛ ئەوا من بێشک لای مەسیح هەڵدەبژێرم.

هەر ئێستاش هاتووین بۆ مەیدانی شتفرۆشەکان، حەشاماتێکی زۆر جمەیان دێت. هێند قەرەباڵخە بە لێشاوی جۆرەها کڕیار و دەسگێڕ و ووردەواڵەفرۆشەکان شانی پیاو دەسوێ. ژنان بەئەندازەیەک خۆیان لە سوراو و سپیاو هەڵکێشاوە، کە بۆن وبەرامەی عەترو سوراو و میکیاجەکانیان مرۆ ووڕ و کاس دەکات. هەندێک لەو ژنانە وێستاون وگوڵ دەفرۆشن... سانپیتەربۆرگ شارێکە نوقمی گوڵ وگوڵفرۆشەکانیەتی. لەزوربەی جێگا و لەهەموو کاتێکدا گوڵو گوڵفرۆشەکان بەرچاو دەکەون. ئەو شێوە جوانی و ڕەونەقەی کەشاران وەک خەسڵەتی ناسنامەی خۆیان، نیشانی جیهانی دەرەوەی خۆیانی دەدەن، بۆ ئاشتکردنەوەی جیهان ومرۆڤ و ڕزگارکردنیان لەکۆت وپەیوەندییە ڕۆتینیەکانی ژیانی ڕۆژانە... سانپیتەربۆرگ بە جوانی گوڵ و گوڵفرۆشەکانی خۆی بە جیهانی دەرەوەی دەناسێنێ.

ژنان وپیاوان بەپاڵتۆی سپی ئاودامانەوە...هەندێک کەس لەپشتی ئێمەوە خەریکی لەتوپەتکردنی گۆشتی قەسابین... بەکوردییەکەی لەم گوزەرەدا، کە جمەی دێت لەخەڵکی، لە بۆنی بەهارات وداودەرمان، لە سوراو و سپیاوی ژنانە، لە بۆن وبەرامەی ژیان، کە تێکەڵ بە ڕەنگە جوان وگەرمەکانی ئەم گوزەری سانپیتەربۆرگە دەبێت.

دروست ئالێرەکانەدا... لەم گوزەرەدا... ئەو ڕاسکۆلنکۆڤەی لەسەر قادرمەکان بینیمان، دەنگی تەقەی کەوشەکانیمان وەک دەنگدانەوەی ناوئەشکەوت دەبیست... پیاوکوژەکە... پاڵەوانەکەی ناو ڕۆمانی (تاوان وسزا)... ئەوێکی کە تۆزێ لەمەوبەر ئەو پیرێژنەی کوشتبوو. ڕاسکۆلنیکۆڤێکی کە لەلایەن ویژدانییەوە دەرزیئاژن دەکراو بێدار کرایەوە... پاشان (سۆنیا) ئەو ژنە ڕەفتار فریشتەیەی ناسی. پاش زەمانێکی زۆر و لەدوای ئەوەی کە ڕاسکۆڵنیکۆڤ بەتەواوی بووە ئاشناو دۆستی نزیکی سۆنیا. ئیدی بەختوکەدانی ویژدانی بیماری خۆی ووردە ووردە نزیک دەبووەوە لە حاڵەتی داننان بە تاوانی خۆیدا. هەر لە گوزەرەدا، لەناو هاتوهاوارو قەرەبالخی ئەو حەشاماتەدا... ڕاسکۆلنیکۆڤ دێتە سەرچۆک و ئاشتدەبێتەوە لەگەڵ ویژدانی خۆیدا.

کاتێک ڕاسکۆلنیکۆڤ لێرەدا دەوەستێت، بیر لە قسەکانی سۆنیا دەکاتەوە؛ «برۆ بۆ چواریانێک. بەچۆکدا بێ و سوژدە ببە و لەبەردەم شەپۆلی حەشاماتی ئەو خەڵکەدا، ماچی ئەو خاکە بکەو بەدەنگی بەرز هاوار بکە و بڵێ... هۆۆ خەڵکینە... گوێبگرن... من گوناحێکم کردووە... بەدەنگی بەرز بقیژێنە... من پیاوکوژم...!!»

ڕاسکۆلنیکۆڤ لەهەمبەر ئەرک و داواکارییەکانی ویژدانی، پێیەکانی لەزەوی نەدەبووەوە و بەزۆر بەدوی خۆیدا ڕایدەکێشان. ئەوەش لەبەرئەوە بوو کە ئەو سەرقاڵی دەستەمۆکردنی ئەزموونی هەستێکی نوێ بوو لە ناخیدا. خودی ئەو هەستەش وەک پزیسکی چەخماحەیەک ئاگرێکی لە هەناو ورۆحیدا هەڵدەگیرساند...

ئیدی لەگەرمی و تینی ئاگری هەناویدا. لافاوی فرمێسک بەڕوخساریدا قەتارەی دەبەست... دروست هەر لەو چرکەساتەدا، ڕاسکۆلنیکۆڤ بەچۆکداهات و لەناوەندی ئەم چواڕیانەدا... لە گوزەری بەقاڵەکاندا... کڕنوشی برد بۆ ئەو ئەرزە پیس وقوڕاویەو بە ئیشتیاوە ماچی دەکرد... پاشان هەستایەوە و ڕویکردە ئاسۆی هەر چواردەوری، وبۆجاری دووەم سوژدەی بردەوە.
ڕاسکۆلنیکۆڤ وسۆنیا دوو جۆرە کارەکتەری جیاواز و نامۆن بەیەک، بەڵام دۆستۆیۆفسکی بە مەرهەمی عەشق زامیان سارێژ دەکات و ئاشتیان دەکاتەوە. ڕاسکۆلنیکۆڤی پیاوکوژ و سۆنیای سۆزانی، برینی زامەکانیان بەمەرهەمی عەشق وئاشتبوونەوە تیمارکرد و بەوەش عەشقیان چوارچێوە بەندکرد لە مانا هەقیقیەکانی خۆیدا.

دڵی هەر یەکەیان دەبووە سەرچاوەی ئاوی کانی ناکۆتایی ژیان بۆ ئەوی تریان.
دوعا خوێندن
خوا گیان... سوپاس بۆ تۆی میهرەبان... ئێمە پێزان و ملکەچ و بەختەوەرین. کە لەم نیعمەتەت بێبەشمان ناکەیت... لە گوناحەکانمان ببورە و ئامۆژگاریمان بکە... دەستمانبگرە وڕێنمایمان بکە بۆ دۆزینەوەی تولە ڕێگانی محیبەت و زانین... ئامین

بۆ نزیکەی دووڕۆژێک دەچێت، کە ئێمە لە سانپیتەربۆرگین... دوو ڕۆژی پڕ لە سەرقاڵی و جەنجاڵی و سەرئێشە وزەحمەتی زۆرمان توشبوو بە دەسەت پەیداکردنی شتگەلێکی کە پێویست بوو بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارەکانمان بەهەرحاڵ... ئەوانە مەسەلەیەکی ترن و... وا ئێستاش لەبەردەم گڵکۆی دۆستۆیۆفسکیدا وێستاوین... کێلە قەبرێکی ڕەش، بارانیش نمە نمە دەبارێت و تێکستی سەر کێلە قەبرەکە تەڕدەکاو دەشواتەوە... ئەوە دەخوێنینەوە کە ساڵی ١٨٢١ لەدایکبووە و لەساڵی ١٨٨١ یشدا مردووە. ئەمە گۆڕی پیاوێکە... کە لە نێوان دڵەڕاوکەی گومان و یەقینی ئیماندا هەمیشە بەدەست پرسیاری بوون ونەبونی خواوەندەوە گینگڵیدەدا...

لەگەڵ هەموو ئەو تێڕامان و وردبونەوە و گینگڵخواردنەوەیەدا لەمەڕ بووونی خودا، هەمیشە دۆستۆیۆفسکی دەگەڕایەوە سەر ئەنجامگیریەک... ئەویش تەنهاو تەنها ڕێگایەک بوو بۆ تێگەیشتن لەو ئازارو معانات و دەردەسەریانەی بەدەست (هاوخەمیبوون)وە دەچێژرێ. پرسیاری ئاسایی لەمەڕ بوون کە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ گێل بکات. لە هەستکردن بەئازارەکانی ئەوانی دیدا، مرۆڤ دەتوانێ وەڵامەکانی بدۆزێتەوە.

هەستکردن بەئازاری ئەوانی دیش لای دۆستۆیۆفسکی لە کاراکتەری (مەسیح)دا ڕەنگدەداتەوە و بەرجەستەدەبێت.

خۆ ڕەنگە پەیامی فیۆدۆر بریتیبێت لە مەسیحێک، کە من بە شەشەمین پەیامی خۆشی (ئیڤانیلیستی شەشەم) ناوزەدی دەکەم.

**سەرچاوە:** Dostojevskijs fotspår. En resa i Sankt petersburg med Owe Wikström

**تێبینی**

سەرچاوەی ئەم بابەتە وەکو تێکستێک لەبەر دەستی مندا نەبوو... ئەویش بۆخۆی مەسەلەیەکە، کە پێوستە لەم چەند دێڕەدا بۆ خوێنەرانی ڕونبکەمەوە. لەڕاستیدا من یەکەمین جار ئەم بابەتەم وەکو پروگرامێکی ڕادیۆیی لە کەناڵی (یەک)ی سوئیدی بیست. بەپێزی بابەتەکە و مەزنی و تایبەتمەندێتی دۆستۆیۆفسکی لەلایەک و، تواناو دەسەڵاتی ئوڤە ڤیکسترۆم لەڕووی فکر و فەلسەفە وتیۆلۆژییەوە لەلایەکی ترەوە، خستمیانە سەر خولیای وەرگێڕانی بابەتەکە. پاش هەوڵدانێکی زۆر بۆ پەیداکردنی بابەتەکە وەکو تێکستی سوئیدی، دواجار نائومێد بوونم لە پەیداکردنی تێکستە ئۆرگناڵەکە... ئیدی ناچار هەموو پرۆگرامەکەم بەشێوەی (سی دی) لە ڕادیۆی سوئێدی کڕی و پاشان هەموو پرۆگرامەکەم کردە تێکستی سوئێدی و دوای ئەوە ئەو تێکستەم جارێکی دی کردۆتە ئەو کوردییەی کەوا لەبەردەستداییە. هیوادارم توانیبێتم وەرگێڕانە کوردییەکە نزیک بەو شێوازەی کە لە پرۆگرامەکەی ئوڤە ڤیکسترۆمدا هەیە بەخوێنەری کوردزمان بگەیەنم. هەر کەموکوتی وناجۆریەکی بەرچاو بکەوێت، ئەوە دیارە کەم دەسەڵاتی منە و بەپێچەوانەشەوە هەر جوانی دانسقەییەکش هەبێت، ئەوە بێگومان مەزنی دۆستۆیۆفسکی و سەلیقەی ناسینی ئوڤە ڤیکسترۆمە بۆ دۆستۆیۆفسکی.